# جەعفەری ئەو عەللاگەیە بوو  کورد دیسانەوە کێشەی خۆی پێدا هەلواسیبوو

ئازاد قەزاز
azad60@hotmail.com

لەم جۆرە شێوازی  بیرکردنەوە یە زۆر جار لە مێژووی کوردا دووبارە بووەتەوە کە هەمیشە گرفتەکانی خۆیان بە ئاراستەی دەرەوەی خۆیاندا دەبەنەوە وبەو جۆرە لە کۆلی خۆیانی دەکەنەوە.
لە ڕوانگەی گشتی زانستە مرۆییەکانە وە, مرۆڤ هەمیشە لەبەرامبەر هەر گرفتێك کە ڕووی تێدەکات و لە هەر دیاردەیەك کە توشی دەبێ, بەشی زۆری بەرپرسیارێتی بەر خۆی دەکەوێ . واتە دەبێ لە پێشدا بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ئەو گرفتانە ڕوو لە خۆی بکات و دوای ئەوە ڕوو لە دەرەوە بکات .
سەرکردەکانی کورد خەسلەتێکی زۆر سەیریان هەیە, بۆ وەرگرتنی مافی کورد هەمیشە پەنا دەبەنە بەر هۆکار و چارەسەری دەرەکی و لە دواییشدا شکست و گرفتەکان هەر دەدەنەوە پال هۆکاری دەرەوە.
با لە قازی موحەمەدەوە دەست پێبکەین , بە پالپشتی ڕووسیا حکومەتێکی شەش مانگی دادەمەزرێنێت, تا ئێستەش کورد یادی دەکاتەوە. کەسێك ناپرسێت ئەم کۆرپەلەیە بۆ لەبارچوو, ئەگەر بشپرسین, دەلێن: ڕوسیاو ئێران هۆکار بوون.
شێخ مەحموود لە ئینگلیز دەسەلات وەردەگرێ و دوایی بە پالپشتی تورکیا دەچێتەوە بە گژ ئینگلیزدا و حکومەتە ساواکەی ئەویش لەبار دەچێ .
کەس لەوە ناپرسێتەوە بۆ لە منداڵدانی نەتەوەی کوردا کۆرپەلەیە دروست نابێ کە دروستیش دەبێ بۆ ناتوانێ هەلیگرێت و بە ئاساییی لە دایك ببێ ؟؟
بارزانی بە پالپشتی ئێران دژ بە حکومەتی بەعسدا دەجەنگێت و پاشان کە شکست دێنێ هۆکارەکان دەداتە پال ڕێکەوتنی جەزائیر و و فرۆشتنی کورد لە لایەن ئێرانەوە , ئەمەریکاش تۆمەتبار دەکرێ. یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پالپشتی سوریا و پاشان چەکی ئێران دروست دەبێ. هێندە پارتی و یەکێتی زەبری کوشندە لەو ماوەیەدا لە یەکتر دەدەن , هێندە زیان بە بەغدا ناگەیەنن.
وا ئێستەش ئەم نیمچە سەربەخۆییە ی کورد بە پالپشتی ئەمەریکا دامەزراوە. ئەوا 16 سالە و مەترسیەکانی لە هەر دەورەمان دەدەن.
نەتەوەی کورد و وەك هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە پڕیەتی لە گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری  و نیشانەی ئەو گرفتانە لە ناو هەرێمی کوردستاندا زۆر ئاشکرا و دیارن . کەچی لە پال هەموو ئەوانەوە سەرکردەکانی کورد و ئەندامانیان ئەوەندەی خۆیان بە کەرکوکەوە خەریك کردوە ئەوەندە خۆیان بەو گرفتانەوە خەریك نەکردوە و پێوەی ناتلێنەوە . خۆ ئەوان ئەگەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان و مرۆڤەکانیان بەختەوەر بکردایە, هەلبەتە بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ ژێر دەسەلاتی هەرێم ئەو هەموو کات و ئەو هەموو بەربەراکانیەی نەدەویست , بەلکو خەلکی کەرکوك بە هەموو ڕەگەزە جیاوازەکانەوە هەولی ئەوەیان دەدا کە بێنە ژێر دەسەلاتی هەرێمەوە.
زۆر بە داخەوە کەرکوك بووەتە دروشم و بەرز دەکرێتەوە بۆ نیشاندانی دلسۆزی و لێبڕاوی بۆ کوردایەتی. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێشتا لای ئێمە مرۆڤبوون دروشم نەبووە . دروشمی ئێمە خاك و ئالایە و سەرکردەکان لەو دووانەدا دەسەلاتی خۆیان دەبیننەوە .
هەر کاتێ مرۆڤ بەرپرسیارێتی لە کێشەو گرفتەکانیدا بۆ لای خۆی بگەڕێنێتەوە, ئیتر جەعفەری ناتوانێ ببێتە ڕێگر و وەك عەللاگە کێشەکانی پێدا هەلواسرێ. بە بۆچوونی من ((کێشەی جەعفەری)) تەنها ئەو عەللاگەیە بوو  کە ئەو سیاسیانەی

بەغدا هەرچی گرفتی کەسی و حەزی منالانەی خۆیان و کێشەی عێراق و بە تایبەتی کێشەی کوردی پێدا هەڵواسی. خۆ عێراق لەم کاتەدا حوکومەتێکی هێندە دیکتاتۆری نیە و هەموو کار و دەسەلاتەکان یەك ڕەنگ نین و لە دەست یەك کەسدا نیە تا هەموو هەولێك چڕ بکرێتەو بۆ لابردنی کەسێك. لە لایەکی تریشەوە حکومەتێکی هێندە دامەزراو نیە و هەموو کارەکان بە ئاسایی ناچن بەڕێوە تا بە ئاسانی کەسی تاوانبار دیار بێ و دەستی بۆ ڕاکێشین. سەرە ڕای ئەمانە ئایا ئەم حکومەتەی جەعفەری کوردی تێدا نەبوو سەرکۆمار کورد نەبوو؟ سەرۆکی پەرلەمان سوننی نەبوو؟ وەزیرەکان کورد و سوونیان تێدا نەبوو؟ باشە ئەوانە هەموو تەختە و دار بوون یان کارتۆنی بوون ؟ وا جەعفەری دەتوانێ هەموو مەرامەکانی خۆی جێ بە جێ بکات .

دوای ئەوە کەسێك نیە بپرسێت ئایا چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان جەعفەری و جەواد مالکی دا؟ ئایا هەردووکیان لە هەمان پارت و هەلگری هەمان ئایدۆلۆژیا نین؟ خاوەن هەمان مەزهەب و هەمان پەروەردە نین؟

هەرچی گلەییەك لەو حوکمەتە بکرێ, کوردیش بەردەکەوێ. گلەیی کورد لە حکومەتی بەغدا لە گلەیی یەکگرتوو دەچێت لە لە حکومەتی هەرێم . چونکە ئەوان خۆشیان لەو حکومەتەدا بەشدارن. لێرەدا ئەو گلەیی کردنە تەنها شتێك بسەلمێنێ ئەوەیە یان ئێوە کارتۆنین و بێ دەسەلاتن, یان ئەوەتا بەشدار دەبن لە گرفت و کێشە نانەوەدا. لەسەرەوە پێکهێنەری حکومەت و لە ناو خەلك و قاعیدشدا موعارزەیەکی بە ڕق و قین, ئەوە دیاردەیەکی نەگونجاوە.

مام جەلال گلەیی لە جەعفەری دەکات و دەمی میدیا میدیا کوردیەکان دەکاتەوە و کەچی خۆشی کاتێ بە جەعفەری دەگات, مەدح و سەنای دەکات و بە شان و بالیدا هەلدەدات.

من لێرەوە دەلێم کوردەکان ئێوە بۆ دیاریکردنی هۆکاری شکستیەکان و چارەسەری گرفتەکانتان, بە ناخی خۆتان و مێژووی خۆتاندا بچنەوە. بە –منالدان– ی نەتەوەی خۆتاندا بچنەوە , بزانن بۆ کۆرپەلەی تەواو پێناگەیەنێت ؟ بۆ بە نیوەناچلی لە دایك دەبێ .

ئەو ڕووداوەی جەعفەری پرسیارێکی لە ناخمدا ووروژاند ئەویش ئەوە بوو , ئایا سەرکردەیەکی کورد دەتوانێ خۆی بۆ خۆی ئەوە قبول بکات کە کە جەعفەری کردی؟ ئایا دەتوانێ واز لەو جێگایە بێنێ بۆ یەکێکی تر , ئاخۆ لە خوار خۆیانەوە کەسی تر هەیە و کەسی تر بە شایانی ئەو جێگایەیە خۆیان دەزانن ؟ هیوادارم وەلامەکەم ((بەلێ)) بێ و کورد بە چاوی خۆی ئەوە ببینێت.

ئەوەندەش لێرەدا مەبەستم بوو کە کاراکتەرێکی کورد بە خۆی بناسێنم, هێندە مەبەستم نەبوو بەرگری لە جەعفەری بکەم. چونکە جەعفەری بەئێمە بێگانەیەکە چارەسەری کێشەکانی ئێمەی لانیە. خۆناسین بەهۆی ئەویترەوە ڕوودەدات کە لە تۆ جیایە, ئیتر ئەو کەسە دوژمن بێت یان دۆست ئەوا هەریەکەو بەگوێرەی خۆی لە پرۆسەی خۆناسیندا کاریگەری خۆی دەبێت. کورد زۆر پێویستی بەوە هەیە خۆی بناسێت. لێرەدا جەعفەری بوو بەو ئاوێنەیەی کە کورد جارێکیتر کاراکتەری ( هەلواسینی گرفتەکان بەویتردا ) خۆی تێدا نیشانداتەوە.